Komala Party _ Iranian Kurdistan
secretariat

کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران
سکرتاریەت

## ڕاگەیاندنی سکرتاریەتی کۆمەڵە

# سەبارەت بە چاوپێکەوتنی ڕێبەرایەتیی کۆمەڵە و حیزبی دێمۆکرات

ڕۆژی پێنج شەممە هەوەڵی بەفرانباری ١٣٨٤ی هەتاوی، ڕێکەوتی ٢٢ی دێسامبری ٢٠٠٥، چاوپێکەوتنێك لە نیوان سەرکردایەتیی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران و حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران پێکهات. هەیئەتی ڕێبەرایەتیی کۆمەڵە، پێکهاتوو لە ئەندامانی دەفتەری سیاسی و کومیتەی ناوندی بە سەرپەرەشتیی هاوڕێ عەبدوڵڵای موهتەدی سکرتێری گشتیی کۆمەڵە سەردانی بنکەی دەفتەری سیاسی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانیان کرد و لە لایەن هەیئەتێکی پێکهاتوو لە ئەندامانی دەفتەری سیاسی و کومیتەی ناوەندی حیزبی دیموکراتی بە سەرپەرەشتیی کاك مستەفا هیجری پێشوازییەکی گەرمیان لێکرا.

لەو دانیشتنەدا کە چەندین کاتژمێری خایاند، لەسەر بارودۆخی سیاسیی ئێران و کوردستان بەتایبەتی وهەروەها ناوچەکە بەگشتی هەڵسەنگاندن و ئاڵوگۆڕی بیروڕا کرا و، باس لە ئاکامەکانی هاتنە سەرکاری ئەحمەدی نژاد و سیاسەت وهەلویستەکانی ئەم دەورەیەی کۆماری ئیسلامی و ئەگەر وروداوەکانی داهاتوو کرا. شایانی باسە لە هەلسەنگاندنی بارودۆخی ناوچەکەدا وەزعی ئێستای عێراق وبارودۆخی کوردستانی باشوور باس کرا و وەزعی کورد لە ناوچەکە و دونیای دەرەوە بە روو لە باشی لێکدرایەوە.

لە بەشێکی دیکەی کۆبوونەوەکەدا باس لە پەیوەندییەکانی هەر دوو حیزب و لە بەرەی کوردستانی کرا و هەر دووک لا روانگەکانی خۆیان لەو بارەیەوە بەراشکاوی هێنایە گۆڕێ و جارێکیتر لەسەر ئەوە پێداگرییان کردەوە کە ئەو جۆرە کۆبوونەوانە، سەرەڕای جیاوازی لە بیروبۆچووندا، پێویستە بەردەوام بن.

هەردووک لا لەسەر گرینگ بوونی کێشەی نەتەوایەتی لە ئێرانی داهاتوودا تەئکیدیان کردەوە و لەسەر پێویستیی چڕوپڕتر کردنەوەی کاری ڕاگەیاندن لە بۆ تێگەیاندنی زۆرتری ئەو کێشەیە بە رای گشتیی خەڵکی ئێران و دەستەبەر کردنی پشتیوانیی هەرچی زیاتر بۆ ڕێگەچارەی فێدراڵی کۆك بوون و لەسەر چۆنیەتیی بەهێزتر کردنی "کۆنگرەی گەلانی ئێرانی فێدراڵ" وەکوو بەرەیەکی نەتەوەکانی ئێران ئاڵوگۆڕی بیروڕایان کرد.

هەیئەتی کۆمەڵە لەو دانیشتنەدا، پێکهاتبوو لە هاوڕێ عەبدوڵڵای موهتەدی سکرتێری گشتیی کۆمەڵە، هاوڕییان ئەبوبەکری مودەرسی و ڕەزای کەعبی ئەندامانی دەفتەری سیاسی و ناهیدی بەهمەنی، عەبدوڵڵا عەزیمی، نەجمەی گوڵپەروەر، نەوید میهراوەر ئەندامانی کومیتە ناوەندی و ئەنوەری محەممەدی لیپرسراوی سکرتاریەتی کۆمەڵە.

سکرتاریەتی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکیشانی کوردستانی ئێران
٢ی بەفرانباری ١٣٨٤، ٢٣-١٢-٢٠٠٥

www.komala.org
Email:komala1348@yahoo.com
Email: Komala1348@hotmail.com
Mobile: 00964770٢٢٠٧١٢٣٧